# لەپەراوێزی یاداشتەوە

خالە بەکر
bakeramin@hotmail.com

ئەمڕۆ هەموو تاکێکی کورد،ئەو کوردەی کە هەناسە بە هەناسە لە تەك مەسەلەچارە نوسزازەکاندا دەژی و خۆی بە دڵسۆزی ڕەوشە سیاسیەکەی گۆڕەپانی کوردوستان دەزانێت و، سەر گەرم وعەودالیێ جیێ بەجیێ کردنی ئەو دروشم و بانگەشانەیە کە سەردەمان و ڕۆژانێك بوو لەپێناویدا ئازارو مەینەتی ئەچێشت و تێکۆشان و خەباتی خۆێناوی لە بن نەهاتووی بە بڕوای پۆڵاییینەوە پێکەوە گریێ دابوو بۆچەسپاندن و هێنانەکایەو پراکتیزە کردنی گونجاوو بەجیێ لەو پێناوەدا، کەلەئاست خواست و ویستی گەل و جەماوەردا خۆی ببینێتەوە، کەچەندین ساڵە لە نێوان بەرداشی سیخوڕی و جاشێتی و تەواری و ئەنفالچی و حوکمی زەبرو زەنگ و سووتان وزیندان و سێدارەدان و کیمیاباران و جینۆسایدو زۆرشتی تریش،نموونەترین هەڵوێستی قارەمانانەیە کە گەلی کوردی شکۆدارو شکۆدارتر کردو زیاتر وورەو تین و هێزی شۆڕشگێڕی لە لا بەهێزترکرد .

بەرگریی کردنیشی کردە پیشەی هەمیشەیی هەموو ئان و ساتێکی خۆی لەژیاندا، بۆ خولْقاندن و هێنانەدی ڕۆژگارێك کە گشت خەون و تێڕامانی شۆڕشگێڕانەی داگیر کردبوو، کەئەو خەون و تێڕامانانە بێتەدی و هەست بکەن حوکمی ئاگرو ئاسن و جینۆسایدکردن و کیمیاوی و ڕێویە ئەنفالچی و سیخوڕو تەواری و (شێرە کوڕانی ئێستای حیزبەکان) نەیان توانی بەهیچ شێوەو کلۆجێك لوتکەی خەبات و تێکۆشانیان پیێ نەوی بکەن.

بگرە زیاتر هاندەر بوون بۆ بەرگری کردن و خۆیان بەخاوەنی پیرۆزترین دەنگ و هەڵوێست دەزانی لەو پێناوەدا. پشت ئەستووریش بوون لەوەی ئەو ڕۆژە هەر دێت ڕۆژیێ لەڕۆژان تیشك و خۆری سەربەستی و ئازادی و ڕزگاری و سەرفرازی لەدەم کەلی خەبات و تێکۆشانیانەوە هەڵدێت و ڕۆشنایيەکەشی بکەن بەکلدان و چاوەکانیانی پیێ کل تیشك و کل ڕۆژ بکەن.

لیێ ئەمڕۆ بەوە دەچێت مامەڵەکردنی سەرانی کورد لە تەك بەشە کوردوستانەکەی خۆمان و جەماوەرەکەیدا بەجۆرێك بێت وەك ئەوەی بڵێن هەر کەس بۆ خۆی بێت، وەك ئەوەی ئەوە نەزانن هەر میللەت و جەماوەر بوو ڕاپەڕین و ئەوانیشیان لە ژێر چنگ و زەبرو زەنگی بیێ هاوتاترین ڕژێمی فاشی ڕزگار کرد.

ئەمڕۆش تاکی کورد خواست و گەرەکێتی بگرە داکۆکیشی لیێ دەکات کە پێداویستیەکانی ژیانی بۆ دابین و بەر جەستە بکرێت و بۆی بهێنرێتە دی (هەر لە بژێوی ژیان و باشتر کردنی باری ئابوری و خزمەت گوزاریە گرنگەکان ) کە خۆی لە دابین کردنی ئاوو کارەباو سووتەمەنی و خزمەت گوزاریە تەندروستیەکانا دەبینێتەوە، کە ڕۆژانە تاکی کورد و خێزانی کورد پەیوەستە پێیەوەو بریتین لە هەرە ئامڕازە گرنگ و سەرەکیە ڕاستەو خۆکانی ژیان، کە ڕۆژانە مامەڵەی لە تەکدا دەکات، لە پێناو بەردەوام بوون و نەشونوماکردن و پێشکەوتنی ژیان و هەنگاو نان بەرەو ئاسۆیەکی ڕوناك و دوا ڕۆژێکی پڕشنگدار،تاوەکو هەست بە ئاسوودەیی و سرەوتن و خۆش گوزەرانی و پشودان بکات، تاوەکو هەست بکات بەری ڕەنجی خۆی ئەدورێتەوە.

ئەمڕۆش پێویستە لە سەر دەسەڵات ڕەوتی گەشەپێدانی خزمەت گوزاریەکان بەرەو پێشترو چاکترو باشتربەرێت ، کە لەگەڵ هیواو ویستی تاکی کوردا بگونجێت ، بۆ ئەوەی گۆمەڵگاش هەست بەسەقامگیربوونی سۆسیۆلۆجی بکات و باری سایکۆاۆجی تاکی کوردیش هەردەم لەئامێزی ئاسودەییدا بێت.

نەك هەمیشە لەبارو دۆخێکی دەرونی لێوان لێواو لە گرژی و دڵە ڕاوکیێ و هەڵچوندا بێت کە ئەمەش هۆکارو ئاکامی بەرەنگار بوونەوەو بەگژداچوونەوەی لیێ دەکوێتەوە.سەرەڕای ئەوەش کە بیر لە مەقام و دەسەڵاتی شێرەکوڕانی حیزبەکان دەکاتەوەکە( لەلاپەڕەی یەکەمدا بە فۆنتی سوور ئاماژەم پیێ داوە) هێندەی تر باری دەروونی ئاڵۆزتر دەکات و هەست دەکات مافە ئاساییەکانی زیاتر بەرەو پێشێل بوون ڕۆ دەچێت.

ئەمەش خۆی لە خۆیدا نایەکسانی دێنێتە ئاراوە لەنێوان تاکەکانی کۆمەڵگادا کە دەسەڵات دەیخولْقێنیێ و خولْقێنەرێتی.دەسەڵاتیش هاوپشتیوانی ناکات و بە شێوەو جۆرێکی تر مامەڵە لەتەك ساناترین خواست و ویستەکانیدا دەکات، سەرەنجامیش تەقینەوەی دەروونی لیێ دەکەوێتەوە و ڕاپەڕینێکی نویێ تر بەرپادەکەن.

دەسەڵات دەبێت چاك بزانێت كە نیعمەت بە خۆی ڕەوا بوو دەبێت بەهاوڵاتیانیشی ڕەوا ببینێت، دەسەڵاتی خاوەن ئایدۆلۆژیای حەكیم و بەئەمەك پێویستە بزانێت گەل چیەو مانای گەل چیە..! دەسەڵات دەبێت پێش دابین كردنی نیعمەتەكانی خۆی نیعمتەكانی گەل و خەڵكی ستەمدیدە دابین بكات پاشان بیر لەوانەی خۆی بكاتەوە.

ئەی كەواتە گەر بێت و دەسەڵات بەو شێوەیە لەتەك هزری خۆیدا نەكەوێتە بێنە و بەرە لە پێناو خوڵقاندنی ژیارێكی عادیلانە بۆ تاكەكانی كۆمەڵ كە هەر تاكەو بریتیە لە یەكێ لەئەندامەكانی نێو خێزانی كۆمەڵگا، كە خێزانیش بریتیە لە هەرە گرنگترین شانەكانی نێو گۆمەڵگا، ئیتر چۆن دەتوانن پشتیوان و پشت و پەنابن..! ؟ وەئەوەی بۆخۆتان و منداڵەكانتان ڕەوایە ئەشێت بەكەسی ترو منداڵی خەڵكی تر ڕەوانەبێت..؟

نەخێر هەر ئەو كەس و خەڵكانە بوون سووتەمەنی شۆڕش بوون هەر ئەو خەڵكانە بوون ئەرك و فەرمانەكانی شۆڕشیان بەبێ كەموكوڕی پەیڕەو دەكردو بگرە بەزیادیشەوە، پاشان لەسەر حیساب و جەربەزەیی ئەوان جەنابتان نێوو ناو بانگتان پەیدا دەكردو خۆتان دەكرد بە خاوەنی بەرگری و چالاكیەكان. پێویستەو زۆر زۆریش هەتا زووە درەنگە( كفن گیرفانی نیە) ئاوڕێكی عادیلانە لە ڕۆژانی خەبات و تێكۆشانی هەم شارو هەم شارۆچكەكان و هەم گوندیەكان بدەنەوە تاكو چیتر خەڵكانی بەش مەینەت و ماف خوراوو پێشێلكراو بە ئاژاوەگێڕو گێرە شێوێن ناونەبەن و ناوزەند نەكەن ، كارێ بكەن ئەو خەڵكانەی دەنگی ناڕەزایی خۆیان دەهێننە بەر دەركی دەسەڵاتتان مەدەنیانە هەڵسو كەوتیان لە تەكدا بكەن ، گوێ لە داوا كاری و خواستەكانیان بگرن ، بەكاوو خۆ گوێ لەنوێنەرەكانیان بگرن ، بەتەنگ داخوازیەكانیانەوە بچن و چارەسەریان بكەن ،نەبا كار بگاتە ئەوەی دەست درێژ كەن بۆ تێكدان و شێواندنی ئەو كەل و پەلانەی كە خۆیان خاوەنیانن..! برادەرینە ڕقی جەماوەر ئەستوورە بڕواتان هەبێت هیچ تیغێك نیە بیبڕێتەوە گەر وا بڕوات و ڕقەكانیان ئەهوەن نەكەنەوە و مل بۆ داخوازیەكانیان دانەوێنن و دڵسۆزی خۆتان نەخەنەگەڕ لەو مەبەست و پێناوەدا ئیتر كەس خاستان پێ نایێیژێ .

پاش ئەمەش زۆر گرنگ و پێویستە بەسەر سیاسەتەكانتانا بچنەوە بەتایبەتی سیاسەتە ئیداریەكان وە چاوێكی عادیلانەیان پیا بخشێننەوە ، كەسی شیاو لە شوێنی شیاو دەست بە كار بێت ، بەئەو كەسانە بۆشاییە ئیداریەكان پڕ بكەنەوە كەخاوەن ڕابوردویەكی خاوێن و بێگەردە و كەشارەزاییەكی پوخت و تەواویان هەیە لەكارەكاندا.. چیدی بەسە كەس كەسێنەو دۆست دۆستێنەو هاوڕێ هاوڕێ نەو خزم خزمێنەو ، بەس خزمەتی خەڵكەكانی ناو كەوانە سوورەكە بكەن(لێرەدا حەز دەكەم نموونەیەكی زیندوو) كە بەسەرخۆما هات بۆتان بگێڕمەوە ، بەندە جێگری بەڕێوەبەری ئەوقاف سلێمانی بوو ، بەڕێوبەر بەهۆی شەڕی كورد كوژیەوە بارگەو بنەی پێچایەوەوبەرەو هەولێر ملی نا، تاماوەیەك هەموو قورساییەك لەسەر شانی من بوو ، لەپڕ كە سەیر ئەكەم و دیقەت ئەیەم كەسێكی ناو كەوانە سوورەكەیان كرد بە مدیرم لە ئیمزا كردن و تەلەفون هەڵگرتن زیاتر هیچی تری نەئەزانی منیش هەڤدە ساڵی خزمەتم كرد بەقوربانی و بۆی هەڵاتم .

ئازیزان پشت بكەنە ئەو كەسانەی كە هێمای پرسیاریان لەسەرە ،چەندەها پێشمەرگی ماندوومان هەیە كەكاتی خۆی فەرمانبەر بوەو ڕێی خەباتی گرتە بەر ئەوانە شایەنی ئەوەن خزمەت بكرێن ئەوانە دەزانن كاروباری كارگێڕێتی چۆنەو چۆن نیە ، لەگەڵ ڕێزیشم بۆ ئەو پێشمەرگە ماندوو نەناسانە كەلەژیانیانا فەرمانبەر نەبوون و كاری كارگێڕێتیان پێ ئەسپێردرێت ،خۆشایەنی هەموو شتێكن و شایەنی هەموو لا لێ كردنەوەیەكن ، بەڵام هەر كەسەو بۆ شوێنی شیاوی خۆی ، بۆ نموونە با لەدەسگا سەربازیەكاندا كاری پێ ڕاسپێردرێت ، گەر وا نەبێت ئەوا زمانی شاخ دەگوێزرێتەوە بۆ دەزگا خزمەت گوزاریەكان و ئاو بێنەو دەست پشۆ.

دەزگای پۆلیسیش دەبێت دەزگایەكی داپلۆسێنەر نەبێت ، ئاخر پێش هەموو شتێك كەئەچیتە شارێك یان ناوچەیەك كەپۆلیست چاو كردو مامەڵت لەتەك كرد لەڕوانگەی پۆلیسەوە بێ چەندو چوون لەخەیاڵ و ئەندێشەی خۆتا ڕێژەی مەدەنیەت و بوونی یاسا لەلای خۆت دەست نیشان دەكەیت ، ئایا بەشێوەیەكی نەگەتیفانە بێت وەیان پۆزەتیفانە ، لێرەدا دەخوازم ئەوە بڵێم پێش هەموو شتێك كارمەندانی دەزگای پۆلیس گەلێك خەڵكانی نەخوێندەوارو هەرزە نەخوێندەواری تیایە ئەمەش كاردانەوەی ڕاستەو خۆی دەبێت بۆ سەر كۆمەڵگا چونكە ئەركی بەڕێوەبردن و پاراستنی یاسا لەلایەن پۆلیس و ئاسایشەوەبەڕێوە دەچێ ئاسایشی هاوڵاتیان لەلایەن خەڵكانی ڕۆشنبیرەوە بەر كەماڵ دەبێت ، بەڵام لای ئێمە بەپێچەوانەوەیە ئەوەی نەخوێندەواربێت ئەوەی لەژیانی خوێندكاریدا سەرنەكەوتووبوەو دەسەڵاتی بەسەر خوێندندا نەشكاوە بێ قەیدو شەرت وەزارەتی ناوخۆ سنگی فراوانی دامەزراندنی بۆ واڵا كردوەو لەهەموو كەس زووتر دادەمەزرێت ،لەكاتێكدا دەبێت بەپێچەوانەوەبێت ، چونكە دەزگای هەستیار خەڵكانی هەستیاری شایەن و پێویستە تاوەكو بزانن چۆن هەڵسو كەوت لەگەڵ ڕەوتی مەدەنیەتا دەكەن بەتایبەتی خۆپیشاندانەكان ،جگەلەوەش پێویستە وەزارەتی ناوخۆ لەو بارو دۆخانەدا بوونی چەك قۆرخ بكات بەشێوەی مەدەنیانە ڕووبەڕوی خۆپیشاندانەكان ببنەوە لەبری تفەنگ هەر پۆلیسەو سووپەرو(قەڵغان) كڵاوی دژە بەردی تایبەتی بپۆشێت چونكە گەر هاتوو بەرد بارینیش بكرێت بەو شێوەیە بەرگری لەخۆی دەكات نەك بەتەقە ئەوكاتەش تەقە لەخۆپیشاندەرانەوە بەرەو ڕووی پۆلیس كرا ئەودەمە دیارەكەخەڵكانی

نامەدەنی تێکەڵ بەخەڵکانی مەدەنی بوون و ئارەزووی ئاژاوەو گێرەشێوێنی دەکەن ، بۆ ئەمەش کەساناترین هەنگاوە پێویستە هەردوو وەزارەتی ناو خۆی هەردوو کوردوستانەکە ڕەچاوی بکەن و بەم شێوەیەڕوخساری گەشی مەدەنیەت ئەپارێزن.
ئەمەش باربوی ئیستیرادەکەی هەر هێندەی دروست کردنی کۆشکێکی تێ دەچێت یان دروست کردنی مەزرەعەیەك یان لەوانەیە کەمتریش . گەلۆ پۆلیسی ولاتان مواسەفاتی خۆی هەیە ،

یەکەم:دەبێت خوێندەواربێت و خاوەنی دبلۆما بێت.
دووەم:دەبێت مرۆڤ دۆست بێت و مافی مرۆڤ بپارێزێت.
سێهەم:دەبێت مرۆڤێکی کۆمەلایەتی بێت و هیچ نەخۆشیەکی دەروونی نەبێت.
چوارهەم:دەبێت جگە لە زمانی دایك لانی کەم زمانێکی تری زیندوی جیهان بزانێت.
پێنجەم:فێرکردن و مەشق پێ کردن تەنها لەبواری ئیستاعیدو ئیستاریح و چۆنێتی تفەنگگرتن و گوولله تەقاندنا نیە ، دەبێت وانەی سۆسیۆلۆجی و سایکۆلۆجیشی فێر بکرێت تاکو بزانێت چۆن و بەچ شێوەیەك ڕوبەڕوی ڕوداوەکان دەبێتەوە ، ئەمانە هەمووی بنەمای سەرەکین ، هیوادارم وەزارەتەکانی لای خۆشمان بەشێوەیەکی جدی گرنگی بدەن بەو دەزگا هەستیارەو هەموو کەموو کورپیەکانی خزمەت گوزاری کۆمەلگاکەمان چارەسەرو بنبڕ بکەن ،بۆئەوەی گەر بێت و ڕۆژێ لەڕۆژان لە خێزانێکی کۆمەلگاکەیان پرسین بۆچی وا ڕەنگ و ڕووتان وەك گوڵ گەشە تاوەکو بلێن
باخەوانەکانمان مەردە.